http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.44

# گرینگی بنزارەكانی كەڵهوری لە ناسینی ڕۆنان و پەروەردەكردنی زاری پێوەری كوردیدا

ئیبراهیم ئەحمەد مورادی[1]

**پوختە**

ئەم وتارە باس لەوە دەكات كە بۆ پەروەردەكردنی زاری پێوەری كوردی ئەبێت لە هەموو زارەكانی كوردی كە یەك لەوان لقی كەلهورییە، سوود وەربگیردرێت. لەبەر ئەوەی كەلهوری وەك هەموو زارەكانیتری كوردی و زمانەكانی جیهان توانایی بەهێز و بەپیتی هەیە بۆ پەروەردەكردنی زمانی كوردی. ئەم وتارە ڕۆنانی هەندێ وشەی گەڕووسی وەك هێڵانە و خەوگە ئەخاتە ڕوو كە یارمەتیدەری توێژەرە بۆ باشتر ناسین و پەروەردەكردنی زاری پێوەری كوردی. هەروەها لەم وتارەدا ڕۆنانی كۆمەڵێك وشەی باو لە زاری پێوەر یا ئستانداری كوردی شرۆڤەئەكرێت كە سەرچاوەكەیان زاری كەلهورییە بۆ نموونە زانست، توانست، خواست، كلكەوانە، باز لە قوماربـاز، كۆتربـاز، گیانباز، سەربـاز و ... . ئەمە سەلێنەری ئەوەیە كە زاری كەلهوری لە كرمانجی ناوەڕاست و زاری پیوۆر یا ئستانداردی كوردیدا ئەركی چالاكی هەیە و ئەبێت بەردەوام بۆ پەروەردەكردنی زاری پیوۆر یا ئستانداردی كوردی لە كەلهوری سوود وەربگیردرێت. نووسەر ئاماژە بەوەش ئەكات كە سەرچاوەیەكیتری پەروەردەكردنی زاری پێوەر یا ئستانداری كوردی ئەو پروسە وشەسازییە هاوبەشانەی كوردی و فارسییە كە هەندێ كەس لایان وایە سەر بە فارسییە و نابێت سوودی لێوەربگرین.

وشەسەرەكییەكان: كەڵهوری، وشەسازی، زمانی كوردی، زاری پێوەر

## ١-سەرەتا

دوو خاڵی سەرەكی یا باشتر وایە بیژین دوو تایبەتمەندی زمان بووەتە هۆی ئەوەی كە مرۆڤ بتوانێت بە ئاسانی زارێك یان زمانێك پەروەردە بكات تاڕادەیە كە ئەو زار یان زمانە بكرێت بە زار یا زمانێكی ئستاندارد. ئەو دوو تایبەتمەندییە بریتین لە: ڕێكەوتن یان دڵخوازی بوونی پێوەندی نێوان دەنگ (وەكوو هێما) و واتا لە زماندا و گۆڕانی زمان. ئەمڕۆ زمانناسان بەگشتی بە ئەم باوەڕە گەیشتوون كە پێوەندی نێوان دەنگ و واتا لە زماندا پێوەندیەكی دڵخوازی یا ڕێكەوتنە. بە پێچەوانەی ئەوەی كە سروشتگەرایان لایان وابوو كە پێوەندی نێوان دەنگ و واتا بە شێوەیەكی سروشتی داڕێژراوە. واتە هۆكارگەلی سروشتی بووەتە هۆی ئەوەی كە بۆ نموونە لە كوردیدا بە ڕووەكێكی بەرز و گەڵادار و هەندێجار بەردار، ئێژن ‹دار›. بنەمای گۆڕانی زمان تایبەتمەندی یەكەم واتە دڵخوازیبوون و ڕێكەوتن بوونی پێوەندی نێوان دەنگ و واتایە. ڕاستە زمان لە بەر گۆڕانكاری كۆمەڵگا و پێداویستییەكانی و هاتنی بیر و شت و مەكی نوێ و ...

[1] . دوكتورای زمانناسی و مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە دیواندەرە، پارێزگای كوردستان، ئێران. ebmorady@yahoo.com

دەگۆڕدرێت. بەڵام ئەگەر ڕۆنانی زمان دڵخوازی و ڕێكەوتن نەبووبایەت و لە سەر بنەمای سروشت بووبایەت بە ئاسانی لە زماندا گۆڕان چێ نەدەبوو.

هەر ئەو تایبەتمەندییە، زمانناسانی بە ئەو باوەڕە گەیاندووە كە پلە و بایەخی هیچ زمانێك، زیاتر و بانتر لە زمانێكیتر نیە و ئەو پلە و پێگە كۆمەڵایەتییە جیاوازییانەی دەخرێتە پاڵ زمانەكان، هۆكارگەلی نازمانی وەكوو دەسەڵاتی هەیە نە هۆكارگەلی زمانی.

ئەم وتارە باس لەوە دەكات كە بۆ پەروەردەكردن و ناسینی ڕۆنانی زمانی كوردی دەبێت لە زارەكانی زمانی كوردی كە یەك لەوانە كەلهوڕییە سوود وەربگیردرێت. هەروەها كە ئێستاش لە زاری كوردی ناوەڕاستدا هەندێكی زۆر وشەی كوردی كەڵهوڕی بەرچاو دەكەوێت كە لانی كەم بۆ نووسەری ئەم وتارە ڕوون نیە ئایا ئەو وشانە بە خواست و ئارەزوو چوونەتە ناو كوردی ناوەڕاستەوە یا بە هەڵكەوت و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ. ئەم وتارە ڕۆنانی ئەو وشە كەلهوڕییانە شرۆڤەدەكات. دیارە ئەم وتارە بەشێوەی دایاكرۆنی نیە كە باس لە كات و هۆكارەكانی هاتنی ئەو وشانە لە كەلهوڕییەوە بۆ ناو سۆرانی بكات، بەڵكوو بە شێوەی سینكرۆنی رۆنانی ئەو وشانە شیكاری دەكات.


## ٢- پێگەی كەلهوڕی لە ناو پۆلینبەندی زارەكانی كوردیدا

ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ئەو پۆلینبەندییانەی لە زارەكانی زمانی كوردی بەدەستەوە دراون زۆر لە یەكتر جیاوازن. بە بۆچوونی نووسەر ئەم جیاوازییانە لانی كەم دوو هۆكاری هەیە: یەكەم ئەوەی كە لە بەر ئالۆزی دیاردەی زمان تا ئێستا بە ڕاستی كەوشەن و سنووری نێوان زار و زمان بە وردی دیاری نەكراوە ( لاینز، ١٩٨١: ٧-٢٥ ). دووهەم هۆكار، بە بۆچوونی نووسەر، ئەوەیە كە زارەكانی زمانی كوردی بە وردی لە سەر بنەمای پۆلینناسی[2] توێژینەوەیان لە سەر نەكراوە. لە درێژەدا چەند بۆچوون لە سەر پۆلینبەندی زمانی كوردی دەخرێتە ڕوو تا شوێنی كەلهوڕی لە ناو زمانی كوردیدا دیاری بكرێت.

تەوفیق وەهبی ( ١٩٢٩ ) نە تەنیا گۆرانی و زازا بەڵكوو لوڕی و بەختیاریش بە كوردی ئەزانێت و زمانی كوردی بەم شێوەی خشتەی ( ١ ) دابەش ئەكات. ئەگەرچی ڕوانگەگەلی جیاوازتریش سەبارەت بە شێوەی پۆلین كردنی زمانی كوردی هەیە، ئەم بەشە لە باسەكەمان بە ڕوانگەی زمانناسێكی ناكورد كۆتایی دێنین. د. ن.

[2] . typology





مەکنزی هەر وەك وەهبی گۆرانی و زازا و هەورامی و تەنیا لەکی سەر بە زمانی کوردی ئەزانێت نە لوڕی. بۆیە زمانی کوردی بە شێوەی خشتەی (٢) دابەش ئەکات (یوسو پۆڤا، ٢٠٠٥:١٤).

بە بڕوای نووسەری ئەم وتارە تا ئەو کاتەی بە وردی لە هەموو زارەکان نەکۆڵینەوە و بە شێوەی زانستی و لەسەر بنەمای پۆلێنناسی کار لەسەر ئەم زارانە نەکەین ناتوانین، بە دڵنیاییەوە ئەم پۆلپنکردنانە قەبووڵ بکەین. ئەم هەموو بیروڕا جیاوازە لە بەر ئەوەیە کە پۆلین بەندییەکانیان یا لانی کەم بەشێکیان بنەمای زانستی نییە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژووروو | بایه زیدی<br>هەکاری<br>بادینانی | دیاربەکر<br>بۆتان<br>ژەنگار | زازا |
| نێوه راست | موکری | سۆران | |
| | ئەردەلان<br>(هەورامی) | سلێمانی | |
| خواروو | (گۆران)<br>کرماشان<br>لەك | زەنگەنه | |

خشتەی (٢): دابەش کردنی زمانی کوردی بە پێی د. ن. مه کنزی (١٩٢٩)

دەبیر موقەددەم (١٣٩٢{٢٠١٣}) نەتەنیا لەکی بەڵکوو هەورامیش بە کوردی نازانێت. شایانی ئاماژە کردنە کە توێژینەی سەرەتایی نووسەر نیشان دەدات و ئەمە ئەسەلمێنیت کە زاری گەڕووسیش، کە لە پارێزگای سنە ئاخێوەری هەیە، سەر بە لقی کەلهوری زمانی کوردییە. بەڵام هەندێ لە نووسەران و پێنووسبەدەستانی ئەم بنزارە کە نووسەر پێوەندی ڕاستەوخۆی لە تەکیانا هەیە لەسەر ئەو باوەڕە نین. چونکوو بە بۆچوونی ئەوان بنزاری گەڕووسی هەندێ جیاوازی لەگەڵ کەلهوری هەیە. بە بۆچوونی نووسەر ڕاستە کە هەندێ لایەنی گەڕووسی وەکوو سۆرانی وایە بەڵام هاوبەشیەکی زۆری لەگەڵ کەلهوری هەیە. شایانی ئاماژەیە کە لە ناوچەی هەوشاری سەر بە شارەکانی تیکاب و سائینقەڵا لە پارێزگای ورمێ ئاخێوەرانی کەلهوری هەیە کە زۆرینەی زۆریان ئێستا بە سۆرانی هەوشاری ئه پەیڤن.

**٣- پێشنیانێك بۆ پەروەردەكردنی زمانی كوردی**

به بۆچوونی نووسەر زمانی كوردی بەبێ سوود وەرگرتن لە زارەكانی خۆی هەرگیز ناتوانێت بەباشی پەروەردە بكرێت. نەتەنیا پەروەردەكردنی زمانی كوردی بەڵكوو ناسینی هەندێ لایەنی لێڵیشی لە هەموو ئاستەكاندا بەتایبەتی ئاستی وشەسازیدا پێویستی بە شیكاری و شرۆڤەی وردی زارەكانی زمانی كوردی هەیە. كە وایە هەموو زارەكانی كوردی دەبێت بە وردی توێژینەوەیان لەسەر بكرێت.

به بۆچوونی نووسەر دووهەمین سەرچاوە بۆ پەروەردەكردنی زمانی كوردی ئەو پرۆسە وشەسازییانەیە كە لە زمانی كوردی و فارسیدا هاوبەشن. چونكوو زمانی فارسی وەكوو نزیكترین زمانی ئستانداردكراو بە كوردی هەندێكی زۆر وشەی لە سەر ئەو پرۆسە وشەسازییانە چێكردووە كە لەتەك زمانی كوردیدا هاوبەشن. بە واتایەكیتر زمانی فارسی هەندێك پرۆسەی وشەسازی هەیە كە بە بۆچوونی نووسەر دارایی و مڵكی هاوبەشی زمانی كوردیشە. لە بەر ئەوەی كۆمەڵێكی زۆر وشە لە زمانی كوردیدا دەبینرێت كە لە سەر ئەو پرۆسانە سازكراون. كە وایە زمانی كوردی دەتوانێت دوای توێژینەوەی زارەكانی خۆی و بە ئەگەری نەبوونی ئەو پرۆسە و وشە و تایبەتمەندییانە لە زارەكانی زمانی كوردیدا، لە پرۆسە هاوبەشەكانی خۆی لەتەك زمانی فارسیدا سوود وەربگرێت.

لە درێژەدا ڕۆنانی چەن نموونە لە بنزارەكانی كەلهوری دەخرێتە ڕوو كە ڕۆنانی لێڵی هەندێ وشەی زمانی كوردی ڕوون دەكاتەوە. بە بۆچوونی مەسعوود محەممەد (٢٠١١) وشەی ‹هێلانە› لەبنەڕەتدا هێك لانە بووە، بە واتای شوێنی هێك. بە بۆچوونی ئەو هێك لەگەڵ egg خزمە و هێلكەش لە گەڵ yolk. بەڵام نووسەر لە كاتی توێژینەوە لە سەر زاری گەڕووسی لە ناوچەی بیجار بە ئەم دەسكەوتە گەیشت كە ‹هێلانە› لە وشەی ‹خایلانە›وە گیراوە. بەڵگەی پێویست بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە كە لە زمانە ئێرانییەكاندا نموونەی فراوان بەرچاو دەكەوێت كە لەواندا دەنگەكانی خ و ه جێگۆڕكێیان كردووە یا دە نگی ه لە ناو چووە. خشتەی (٣) هەندێ نموونەی لە خۆ گرتووە. ئەم زانیاریانە ئاماژە بەوەوە دەكات كە دەنگی ه لە هێلانەدا خ بووە و لە بنەڕتدا ئەم وشە بە شێوە خایلانە یا خالانە گۆكراوە و دەنگی ‹ا› لە خادا بووە بە ێ كە ئەم دەنگگۆڕكێیەش زۆر باوە.

به ڕوونی ئاماژه بهم خاڵهش بکهم که مهبهستی نووسهر ئهوه نیه که بۆ نموونه ‹ههر›ی ههورامی له ‹ خهر›ی فارسییهوه گیراوه یا ‹ هوینك ›ی گهڕووسی له بنهڕهتدا ‹ خونهك ›ی فارسی بووه. ههر وهها سهبارهت به نموونهکانیتر، نووسهر له سهر ئهو بۆچوونه نیه که زمانێك یا زارێك له زمانێك یا زارێکیترهوه سهرچاوهی گرتووه. بهڵکوو تهنیا به پێوهندی نێوان ئهو دهنگگۆڕکێیه ئاماژه دهکات و له سهر ئهوهی که کامی له کامی گیراوه هیچ بۆچوونێکی نیه.

| دەنگی خ | خرگ | خەمیر | خەس | خەزوورە | خەسوو | خونەك | خەر | خرس | خواز | خیز | خواردن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| زار/زمان | گەڕووسی | فارسی | سۆرانی | سۆرانی | سۆرانی | فارسی | فارسی | فارسی | کەلهوری | فارسی | سۆرانی |
| دەنگی ه | هەڕگ | هەویر | هەس | هەسوورە | هەسوو | هوینك | هەر | هرچ | واز | هیز | واردەی |
| زار/زمان | سنەیی | سۆرانی | لەیلاخی | هەورامی | هەورامی | گەڕووسی | هەورامی<br>بەلووچی | بادینی | سۆرانی | لەکی | هەوررامی |

خشتەی (٣): جێگۆڕکێی دەنگەکانی ه و خ لە زمانە ئێرانییەکاندا

ههر له سهر ئهم بنهمایه وشهی ‹واز› له سۆرانیدا ‹ خوازی › کهلهوری (ڕهگی ناڕابردووی خواستن) که لهودا دهنگی خ له ناو چووه.

به بۆچوونی نووسهر و له سهر بنهمای ئهم بۆچوونه وشهی ‹هێز› و ‹خیز› پێوهندییان ههیه. له لهکیدا کاتێکه گهرهکیانه بڵێن ههسته، دبێژن (هیز بگره) و له فارسیدا دبێژن ‹برخیز› (بهرخیز›. له ئاکامدا هیز به گۆڕانی واتاکهی ئهمڕۆ له کرمانجی ناوهڕاستدا بهواتای وزه و ... بهکاردهبرێت.

نموونهیهکیتر که ئهتوانین له بنزاری گهڕووسی بۆ پهروهردهکردنی زاری ئستانداردی کوردی سوودی لێوهربگرین وشهی ‹ خهوگه ›ی گهڕووسیه. به بۆچوونی نووسهر و به پێی پرۆسهی وشهسازی به پاشگری -گه، باشترین وشه بۆ دهربڕینی شوێنی خهوتن وشهی ‹ خهوگه ›یه. ڕهنگه خێرا ئهو تێبینییه بێته ئاراوه که ئهو وشه له فارسییهوه گیراوه و نابێت له کوردیدا سوودی لێ وهربگرین. بهڵام ڕاستیهکهی ئهوهیه که پرۆسهی وشهسازی به پاشگری -گه له کوردیدا که لهودا -گه به ڕهگی ناڕابردوو یا چاوگ[3] یا ناوهوه دهلکێت زۆر چالاکه (خواردنگه، شوشتنگه، ژینگه، خوێندنگه،

[3] شایانی به بیرهێنانهوهیه که ‹ چاوگ › جۆرێك ناوه.

مەلەوانگە، پرسگە و ... ). ئەم پرۆسە لە هێڵکاری (١)دا ئەبینرێت. لە بیرمان نەچێت کە ئەتوانین‹ خەو › وەکوو ڕەگی وشەی داڕێژراوی ‹ خەوگە ›، هەم وەکوو ناو و هەم وەکوو ڕەگی ناڕبردووی خەوتن لە بەرچاو بگرین.

هێڵکاری (١): ڕەگی ناڕابردوو / چاوگ / ناو + پاشگری -گە ⟵ ناوی شوێن

لە لایەکی‌تریشەوە پاشگری -گە لە زمانی فارسی‌دا تەنیا لە دەقی ئەدەبی‌دا بەر چاو دە کەوێت و لە زمانی ئستانداری فارسی‌دا ئەم پاشگرە بە شێوەی ‹ -گاه ›ە. لە هەمووی ئەمانە گرینگتر ئەوەیە کە هەروا کە پێشتر ئاماژە کرا وشەی ‹ خەوگە › لە زاری گەڕووسی‌دا بەکاردەبرێت.

پاشگری -ندە لە زمانی فارسیدا بە زۆری و لە زمانی کوردیشدا بەشێوەی ‹ ڕەگی ناڕابردوو/ناو + پاشگری -ندە › لە هەندێ وشە وەکوو کوشندە، دڕندە، باڵندە، شەرمەندە بەکار دەبرێت. ئەم وشانە نیشاندەری ئەوەن کە ئەم پرۆسەی وشەسازییە تایبەت بە زمانی فارسی نیە و لە کوردیش‌دا دەتوانین سوودی لێ وەربگرین. لە سەر ئەم بنەمایە و لە سەر کاری سادەی ‹ ڕانین ›ی کەلهوری زمانی کوردی دەتوانێت لە بری وشەی ‹ سایق ›، ‹ ڕانندە › بە کار بهێنێت. ڕەنگە کەسانێك وای بۆ بچن کە ئەم وشە فارسییە بەڵام دەبێت بوترێت کە ئەم وشە لە فارسیدا لە ‹ راندەن ›ەوە گیراوە نە لە ‹ ڕانین ›ەوە و هەر وەها لە فارسیدا ‹ ڕانندە ›ی کوردی بە شێوەی ‹ رانەندێ › گۆدەکرێت. دیارە ئەم خاڵەش شایانی ئاماژە پێکردنە کە گەرەکمان بێت یا گەرەکمان نەبێت فارسی و کوردی خاڵی هاوبەشیان فراوان و بەرچاوە.

## ٤- ڕۆنانی هەندێ وشەی کەلهوری لە کرما نجی‌ناوەڕاست/سۆرانی‌دا

لەم بەشە لە وتارەکەدا کۆمەڵێك وشەی کەلهوڕی ئەخرێتە ڕوو کە لە زاری ئستانداری کوردی‌دا بەرچاوئەکەون. بەشێك لەم وشەگەلە شیکاری ئەکرێن و بە هۆکاری کەلهوری بوونیان ئاماژە ئەکرێت.

### ٤-١- ڕەگی ڕابردووی کارەکانی توانستن، زانستن، خواستن

لە زمانی فارسی‌دا ڕەگی ڕابردووی کار وەکوو ناو بە کاردێت و ئەم دیاردەیە لە کوردیش‌دا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە توانست، زانست، خواست و ... . هەموو ئەم وشانە کە لە کوردی کرما نجی ناوەڕاست‌دا دەبینرێن لە کەلهورییەوە سەرچاوەیان گرتووە. چونکوو بە گەردانکردنی ئەم کارانە دەردەکەوێت کە ئەم وشانە ڕەگی ڕابردوون و تەنیا لە

کەلهوڕیدا بەکاردەبرێن. خشتەی ( ٥ ) گەردانکردنی سێ کاری سادەی توانین، زانین و خواستن لە کەلهوری هەوشاری لە ڕابردووی سادەدا لە خۆ دەگرێت.

| کار | تاك ١ | تاك ٢ | تاك ٣ | کۆ ١ | کۆ ٢ | کۆ ٣ | ڕەگی ڕابردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توانین | توانستم | توانستت | توانست | توانستین | توانستن | توانستن | توانست |
| زانین | زانستم | زانستت | زانست | زانستین | زانستن | زانستن | زانست |
| خواستن | خواستم | خواستت | خواست | خواستین | خواستن | خواستن | خواست |

خشتەی ( ٥ ): گەردانکردنی چەن کاری سادەی کەلهوری هەوشاری لە ڕابردووی سادەدا

ڕەگی ناڕابردووی ‹ خواستن ›ی کەلهوری کە ‹ خواز ›ە بە زۆری لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێت و وشەی زۆری لێ داتاشراوە، بۆ نموونە خوازیار، خوازبێنی، داخواز کردن، داخوازی و ... و هەر وەها کە پێشتر ئاماژەی پێکرا وشەی ‹ واز › لە خوازەوە گیراوە.

## ٤-٢- وشە

لە زمانی فارسیدا لە بەرامبەر ‹ کەلیمە ›ی عەرەبی ‹ واژە › بەکاردێنن. لە کوردیشدا ‹ وشە › بەرامبەر بەم وشەیە چێکراوە. وشەی ‹ واژە › لە ڕەگی ناڕابردووی ‹ وتن ›ەوە دوروستکراوە و لە کوردیدا ‹ وشە › لە ڕەگی ناڕابردووی ‹ وتن ›ی زاری کەلهورییەوە گیراوە. خشتەی ( ٦ ) گەردان کردنی کاری سادەی ‹ وتن › لە کەلهوری و سۆرانیدا لە خۆ دەگرێت.

| کار | | تاك ١ | تاك ٢ | تاك ٣ | کۆ ١ | کۆ ٢ | کۆ ٣ | ڕەگی ڕابردوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وتن | کەلهوری | ئەیوشم | ئەیوشی | ئەیوشیٚ( ت ) | ئەیوشیم | ئەیوشن | ئەیوشن | وش |
| | سۆرانی | ئێژم | ئێژی( ت ) | ئێژیٚ( ت ) | ئێژین | ئێژن | ئێژن | ێژ |

خشتەی ( ٦ ): گەردانکردنی کاری سادەی ‹ وتن › لە کەلهوری هەوشاری و سۆرانی لە ناڕبردوودا

یەکێك لە پرۆسەکانی وشەسازی ئەوەیە کە بە ڕەگی ناڕابردووی هەندێك لە کارە سادەکانەوە پلشگری ـە دەلکێت و ناو چێدەکات. نووری عەبدوڵڵا ( ٢٠١٣: ١٠٥ ) ئاماژە بەم پرۆسە وشەسازی ئەکات و ئاوا ئەنووسێت: پاشگری ـە دەچێتە سەر ڕەگی کار و ناوی داڕێژراو دوروستدەکات، وەك:

**پێچ ( پێچان ) + -ە ⟵ پێچە، خواز ( خواستن ) + -ە ⟵ خوازە، پرس ( پرسین ) + -ە ⟵ پرسە، تاس ( تاسان ) + -ە ⟵ تاسە، بەست ( بەستن ) + -ە ⟵ بەستە، بێژ ( بێژان ) + -ە ⟵ بێژە**

**بە بۆچوونی نووسەر وشەی ‹ وشە › بە پێی ئەم پرۆسە چێکراوە کە لەودا پاشگری -ە بە ڕەگی ناڕابردووی وتن لە کەلهوری زیاد بووە و وشەی ‹ وشە ›ی بەدەستهێناوە.**

**شایانی ئاماژە پێکردنە کە بە بۆچوونی نووسەر وشەی ‹ واژە ›ی فارسیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە بە کەمێك گۆڕانکاری دوروستکراوە و لەبەر ئەوەی پێوەندی بە کەلهورییەوە نیە چیدی لەسەری باس ناکەین ( بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە مەسعوود محەممەد، ٢٠١١: ٢٨٨ ).**

### ٤-٣- بازی/وازی و باختن

**جەلیلیان ( بێ بەروار ) ئاماژە بە وشەی بازی بە واتای گەمە و بازیکەر ( چۆپیکێش ) ئەکات. ئەو هەر وەها ئاماژە بە وشەی باختن ئەکا و ئەنووسێت ئەم وشە بە واتای ‹کچیان ( دۆڕاندن ) لە گەمەیە › و لە پەهلەوی واختن نووسریاس. مەبەستی نووسەری ئەم وتارە ئەوەیە کە هەموو ئەو وشانە کە لە کوردی ناوەڕاست یا زاری ئستانداردی کوردیدا ئەبینرێن سەرچاوەکەیان کەلهورییە و ئێستاش لەم بنزارەدا چالاکە. ڕەنگە کەسانێك لایان وابێت کە ‹ بازی و باختن › لە فارسییەوەگیراوە. بەڵام ئەبێت لە بیرمان بێت کە کەوشەنێکی دیاریکراو لە نێوان وشە و پرۆسەی وشەسازی فارسی و کوردیدا نیە و ئەم خاڵەی کە هەر ئێستاش ئەم وشانە لە کەلهوریدا بەرچاو ئەکەون نیشانئەدات کە لە ئەم وشانە لە کۆنەوە بە کەلهوریش بە میرات گەیشتوون. لە درێژەدا لە سەر ڕۆنان و ئەرکی بازی و باختن باس ئەکرێت.**

**سادقی ( ١٣٦٣: ١١ ) لە بارەی ‹ بازی ›ەوە ئەنووسێت:‹ وشەی *بازی* کە ناوە بە واتای ‹ جۆرێك چالاکی جەستەیی و هزری بە مەبەستی خۆشی و سەرگەرمی › لە کاری باختن ( باختەن، دۆڕاندن ) و بازیدەن ( لە زمانی پەهلەویدا وازیدەن )ەوە گیراوە. کاری سادەی *وازیدەن* چیدی لە زمانی فارسیدا نابینرێت و بە جێگای ئەو، کاری لێکدراوی ‹ بازی کەردەن › ( کایەکردن ) بەکاردەبرێت. بە باوەڕی سادقی ( ١٣٦٣: ١٢ ) لە وشەکانی کۆتربازی و قوماربازی و ... دا بازی ئاماژە بە جۆرێك کایە و سەرگەرمی دەکات کە بە لەناوچوونی پاشگری -ی، ئاوەڵناوەکانی کۆترباز و قومارباز و ... بە**

دەستدێت. لە واتای ئەم وشانەدا بە ڕاشکاوی واتای بکەری دەبینرێت. شەرەفکەندی (١٩٨٤) لە ئەم واتایە تێگەیشتووە بۆیە بۆ واتای قوماربـاز، ئاماژەی بە قومارکەر و قومارچی کردووە. لە ‹یاریباز›یشدا ئەم واتایە بەرچاوە. جێگای سەرنج و ئاماژەیە کە ڕۆنانێك وەکوو ‹یاریباز› لە زمانی فارسیدا بە پاشگری ‹باز› دوروست نەکراوە و ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا لە سەر بنەمای پاشگری ‹باز› چێ بووە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە زمانی کوردی ئەتوانی بە پێی پێویست لە سەر ئەم بنەمایە وشەی نوێ ساز بکات.

لە ‹سێحرباز›دا ‹باز› ئاماژە بە بکەر بوونی وشەکە دە کات. بەڵام ئیتر واتای جۆرێ کایەی تیادا نابینرێ" بەڵکوو ئاماژە بە کارێك یا چالاکیەك دەکات. کە وایە ئەتوانین بێژین ‹باز› لە ‹سێحرباز›دا بە جۆرێك پەرسەندووی هەمان ‹باز›ە لە کۆترباز و ‹قوماربـاز›دا. بەڵام بە دڵنیاییەوە ‹باز› لە سەرباز و گیانباز دا زۆر جیاوازە. لە ئەم دوو وشەدا باز ڕەگی ڕانەبردووی باختەن (دۆڕاندن، لە دەسدان)ی فارسیە کە وایە سەرباز بە واتای کەسێکە سەری دەدۆڕێنێت و گیانباز کەسێکە گیانی لە دەس دەدا. لە زمانی فارسیشدا بێجگە لە وشەی سەرباز، وشەی جانبازیش دەبینرێ کە بە واتاکانی بریتین لە گیانبەخش، گیانبەختکەر، کەسێ کە لە ڕێی وڵاتەکەیدا کەمئەندام بووە (فەرهەنگی زانکۆ کوردستان، ١٣٨٥).

وردبینی لە وشەکانی قوماربـاز و کۆترباز و ... دەریدەخات کە ئەم ئاوەڵناوگەلە ئاماژە بە کەسانێك دەکەن کە کار، پیشە یا سەرگەرمی هەمیشەیی یا زۆرینەی ئەوان قوماربازی یا کۆتربازی و ... ە. ئەگەر کەسێك یەك جار کۆترێك بە هەوادا فڕبدات کۆتر باز نایەتە ئەژمار یا کەسێکە تەنیا یەك یا دوو جار قومار بکات بە قومارباز نایناسن. کە وایە بازی لە وشەگەلی وەك قوماربازی و کۆتربازیدا ئاماژە بە چالاکیەك لە ئاستی سەرگەرمی یا زۆرینەی کات دەکات کە ڕەگی وشەکەیە. ‹سێحرباز›یش کەسێکە کە کار و چالاکییەك ئە نجام دەدات" بەڵام ئەم چالاکییە کایە نیە.

بێجگە لەم دوو جۆرە ‹باز›ە لە وشەکانی ‹سەرباز› و ‹گیانباز›دا جۆرێکیتری ‹باز› دەبینرێت کە وێ دەچێ هیچ پێوەندییەکی بە ‹باز› لە وشەکانی ‹سێحرباز› و ‹یاریباز›دا نەبێت. لە سەرباز و گیانبازدا باز ڕەگی ناڕابردووی کاری سادەی ‹باختن›ە کە لە کەلهوریدا ئەبینرێت. کە وایە ڕۆنانی سەرباز و گیانباز لە سەر بنەمای هێڵکاری ژمارە (٢)ە.

**هێڵکاری ژمارە (٢): ناو+ڕەگی ناڕابردووی باختن ← ئاوەڵناو/ناو**

**بە بۆچوونی نووسەر *گیانبەختکردووش* بە کەمێك گۆڕانکارییەوە لە سەر بنەمای ڕەگی باختن چێبووە. بە واتایەکیتر، دەنگی ‹ا› لە ‹باخت›دا کە ڕەگی ڕابردووی ‹باختن›ە بووە بە ‹ە›. ئەگەر گەرەکمان بێت ڕوونتر باسی ڕۆنانی ئەم وشە بکەین دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە لە ڕاستیدا وشەی *گیانبەختکردوو* لە سەر بنەمای کاری لێکدراوی بەختکردن چێکراوە. واتە کردن لە بەختکردندا بە شێوە بەرکار دەرهاتووە. شەرەفکەندی (١٩٨٤) بۆ واتای بەختکردن، خەرجکردنی داناوە کە لە ڕاستیدا گیان بەختکردوو ئاماژە بە کەسێك دەکات کە گیانی لە ڕێگای ئاما نجێکدا خەرجکردبێت.**

**پوختەی ئەو باسەی سەرەوە ئەوەیە کە دەیان وشە لە زاری پێوەری کوردی و کرما نجی ناوەڕاستدا بەرچاو دەکەوێت کە لە سەر بنەمای *بازی* و *باختن* دوروستکراون کە لە بنزارەکانی کەلهوریدا بە ڕوونی بە کاردەبرێت.**

**٤-٤- کلکەوانە**

**گومان لەوەدا نیە کە وشەی ‹کلك› بە واتای قامك و ئەنگوست لە بنزارەکانی کەلهوریدا باوە. کەریمی دووستان (٩٢:١٣٨٠) وێڕای ئاماژە بەوەی کە ئەم وشە لە کوردی ئیلامیدا هەیە، وشەی ‹کلکانە›ش دەسنیشان ئەکا کە بە بۆچوونی ئەو لە ‹کلك+انە› بە واتای ئەنگووستیلە دروستبووە. کە وایە لە کوردی ئیلامیدا کە بنزارێکی کەلهورییە، پاشگری ‹-انە› ئەرکی دروستکردنی ناوی ئامێری (کلکانە)ی لە ناوی ئەندامێکی لەشی بەئەستۆوەیە. عەبدول (٧٩:٢٠٠٨) ئاماژە بە پاشگری -وانە ئەکات و ئەم نموونانەی بۆ ئەخاتە ڕوو بێ ئەوەی باس لە ئەرکی واتایی ئەم پاشگرە بکات: دەستەوانە و پووزەوانە. نووری عەبدووڵاش (٧٣:٢٠١٣) هەر بەم شێوە ئاماژە بەم پاشگرە ئەکات و نموونەکانی ‹ پەروانە، دەمەوانە، چەپەوانە و کۆڵوانە› دێنێتەوە و هیچ ئاماژەیەك بە ئەرکی واتایی ئەم پاشگرە ناکات. بە بۆچوونی نووسەری ئەم وتارە ئەگەرچی دۆزینەوەی ئەرکی واتایی هەر پاشگرێك پێویستی بە توێژینەوەی قووڵ و ورد هەیە بە ئاسانی ئەتوانین بڵێین کە ئەرکی ئەم پاشگرە ئەوەیە کە بە لکان بە ناوێکەوە ناوی ئامێرێك چێ-ئەکات کە پێوەندی بە ڕەگی وشەکەوە هەیە. بۆ نموونە ‹دەمەوانە، کۆڵوانە، کلکەوانە و پووزەوانە› ناوی چەن ئامێرن کە پێوەندییان هەیە بە ڕەگی وشەکانەوە واتە: ‹دەم، کۆڵ، کلك و پووز›. بەڵام ئایا لە ‹ پەروانە و چەپەوانە›ش دا**

هەر وایە؟ بێگومان وانیە. باسکردن لە سەر ئەم پاشگرە پێویستی بە وتارێکیتر هەیە و چیدی لێرە لەسەری نادوێین. جەلیلیانیش (بێبەروار) بۆ کلوانك ئاماژەی بە کولوانك و کلکانە کردووە.

**٤-٥- زێراو**

ئەگەرچی لە هیچکام لە فەرهەنگەکانی باشوور و هەمبانە بۆرینەدا وشەی ‹زێر› نەهاتووە، جەلیلیان (بێبەروار) ئاماژە بە وشەی زێرچەم ئەکات و ئەنووسێت: پووشاڵێگ ك نەنەی ژێر چوو تا زووتر ئاگر بگرێد. لە سۆرانی هەوشاری-دا کە زاری نووسەری ئەم وتارەیە بە ناڵبەکی ئێژن: زێری. مەبەست لە ئەم باسە ئەوەیە کە زێر کە لە فارسیدا بە شێوەی زیر گۆئەکرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەو خۆ لە کوردیدا بەتایبەت لە کەلهوریدا بەرچاودەکەوێت و وشەی زێراو کە وشەیەکی لێکدراوە لە سەر بنەمای زێر و ئاو چێ بووە و ئاماژە بە ئاوێك ئەکات کە بە ژێردا ئەڕوا و مەبەستی وردی ئەم وشە هەروا کە لە زاری پێوەری کوردیدا بەرچاو ئەکەوێت ئاوی ناپاك و سوود وەلێگیراوە کە چیدی بۆ بەکارهێنان نابێت و بە ژێر زەویدا ڕوانەی شوێنێکی دەرەوەی شار ئەکرێت. مەبەستی ئەم بەشە ئەوەیە کە وشەی زێراو لە سەر بنەمای بنزارەکانی کەلهوری دوروستکراوە.

**٤-٦- مەترسی**

سۆهرابی و سریشئابادی (١٣٩٠[٢٠١٣]) ئاماژە بەوەئەکات کە مەترسی وشەیەکی گەڕووسییە هەر وەك لە ڕستەی (خوازم دووکان بنمەو مەترسی کەم)دا دەبینرێت. جەلیلیانیش (بێبەروار) کە هەر وەکوو فەرهەنگی گەڕووس، فەرهەنگێکی تایبەت بە لقی کەلهوریی، مەترسی بە واتای زاتداری لە کارەکەی خۆیدا هێناوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆنانی ئەم وشەیە بەڕاستی لێڵە. نووری عەبدوڵڵا (٢٠١٣: ٨٠) سەرەتا ئێژێت کە مە- پێشگرە وەکوو مەبەست و مەگێرانی و ئاماژە بە بۆچوونی مەسعوود محەممەد ئەکات کە لای وایە ‹مەگێرانی› لە ‹مایەگرانی› و ‹مەبەست› لە ‹مایەبەست› و ‹مەترسی› لە ‹مایەترس›ەوە هاتووە. بەڵام لە ئاکامدا ئەنووسێت کە تا وەکوو ئێستا بە تەواوی ڕوون نەبۆتەوە مۆرفیمی مە- کە لە پێش هەندێ وشەوە هاتووە، بنچینەییە یا خود پێشگرە (پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە).

نووسەری ئەم وتارە بە پشت بەستن بە سۆهرابی و سریش‌ئابادی (١٣٩٠[٢٠١٣]) و جەلیلیان (بێ‌بەروار) ئەم وشە بە کەلهوری ئەناسێت و لەسەر بۆچوونەکەی نووری عەبدوڵلا (٢٠١٣: ٨٠) سوورە کە سروشتی ئەم بڕگەیە واتە مە- لێڵ و نادیارە بەڵام ڕوونە کە مەترسی لە ڕەگی ‹ترس›ەوە گیراوە.

### ٤-٨- دووجا، سێجا

ئەگەرچی هیچ فەرهەنگێکی وشە ئاماژەی بە وشەکانی دووجا و سێجا نەکردووە، بەبۆچوونی نووسەری ئەم وتارە، لە سەر ڕۆنانی ئەم وشانە دوو بژاردە لە بەردەستدایە. یەکەم ئەوەیە کە ئەبێ قەبوول بکەین کە ئەم وشانە لە سەر ‹جا› واتە شوێن و مەکانی فارسی دوروستکراون، دووهەم، یا لە سەر وشەی ‹جا› کە لە کەلهوریدا بەرچاو ئەکەوێت. بە بۆچوونی نووسەر، ئەم وشانە لەسەر ‹جا› لە کەلهورییەوە چێکراون و لە ڕوانگەی واتاییەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونن.

### ٤-٩- چڕین

سۆهرابی و سریش‌ئابادی (١٣٩٠[٢٠١٣]) وشەی چڕین سەربە بنزاری گەڕووسی ئەزانن و ئەم واتایانەی بۆ دەس‌نیشان ئەکەن: بانگ کردن، گوتنی گۆرانی. جەلیلیانیش (بێ‌بەروار) لە واتای چڕین بەم شێوە ئەدوێت: ١) دەنگ‌کردن، لە ئەوستا چەریتەو وە مانای دەنگ‌کردنە ٢) خوەنین ‹گوورانی چڕین› ٣) مێز کردن. بە پشت‌بەستن بەم بۆچوونانە نووسەری ئەم وتارە ئەم وشەش سەر بە لقی کەلهوری ئەزانێت، بەڵام لە سەر ڕۆنانی وشەکە و باشترە بێژین لە سەر ڕەگی ئەم کارە سادە بۆچوونێکی نیە.

### ٤-١٠- تەما

جەلیلیان (بێ‌بەروار) لە سەر ئەم وشەیە نووسیویەتی : ١) حرس ٢) ئەزرەتمەن، بنچینەی هەر دگیان ئەرەوییە ٣) چەوەڕێ بوون (لوری). سۆهرابی و سریش‌ئابادیش (١٣٩٠[٢٠١٣]) تەمایان بە واتای ئارەزوو، مەیل و هەوەس ناساندووە وەك ئەم نموونانە: وەتەمای دویەتی ئاموزایە/ وە تەمای ماشینەگەی منە. شەرەفکەندی (١٣٦٣) بۆ تەما ئەم واتایانەی پێشکەش‌کردووە: هومێد، نیاز و لێبڕان، تەماح، بەتەماح.

ڕاستییەكەی ئەوەیە كە وشەی تەما لە تەمەعی عەرەبییەوە گیراوە. خاڵێكی سەرنجڕاكێشیتر ئەوەیە كە تەما بەواتای چاوەڕوانی و ئارەزوو بەڕادەیەك واتاكەی گۆڕاوە كە لە تەك تەمەع و تەماحدا زۆر جیاوازە. مەبەستی نووسەر لەم باسە ئەوەیە كە تەما بە ڕێگای زاری كەلهوربیەوە هاتووەتە ناو زاری كرمانجی ناوەڕاست و زاری پێوەر یا ئستانداری كوردی. بەڵگەی نووسەر بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە كە ئەگەر كرمانجی ناوەڕاست ئەم وشە عەرەبییەی وەرگرتبایەت بە شێوەی تەماع یا تەماح گۆی ئەكرد و لەبەر ئەوەی لە كەلهوریدا ح و ع كە ڕەنگە لە عەرەبییەوە هاتبێتە ناو كرمانجی ناوەڕاست، بەرچاوناكەوێت شێوەی گۆكردنەكەی جیاوازە و ‹ ح › و ‹ ع ›ی تێدا نیە و لە ڕووی واتا و گۆكردنەوە زۆر لە تەماح و تەماع جیاوازە. ئەمەش ئەكرێت وەكوو كاریگەرییەكی كەلهوری لە سەر كرمانجی ناوەڕاست بێتە ئەژمار. بە بۆچوونی نووسەر ‹ ئیتوار ›یش كە لە ئێعتباری عەرەبییەوە وەرگیراوە چیرۆكێكی هاوشێوەی هەیە.

## ٥- دەرەنجام و پێشنیان

هیچ زمان یا زارێك لە چاو زمان یا زارێكیتر دواكەوتوو و كەم توانست نیە. بە واتایاكیتر هەموو زار و زمانەكان، توانستی دەربڕینی هەموو واتاكانی هەیە. بەو مەرجەی ئاخێوەران بتوانن زمانەكەی خۆیان پەروەردە بكەن. زاری كەلهوریش لەم یاسایە بەدەر نیە و توانستی دەربڕینی هەموو واتایەكی هەیە و دەتوانێت لە پەروەردەكردنی زاری پێوەری كوردیدا یارمەتیدەر بێت. هۆكاری ئەم بۆچوونەش ئەوەیە كە هەر لە ڕابردووشدا كۆمەڵێكی زۆر وشەی كەڵهوری لە زاری كرمانجی ناوەڕاستدا دەبینرێت كە لەم ڕێگاوە چووەتە ناو زاری پێوەری كوردییەوە. بۆ نموونە وشەكانی توانست، خواست، زانست، ڕەگی خواز، كلكەوانە، سەرباز و ... . لە لایەكی تریشەوە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆنانی هەندێك وشە وەك هێز و هێلانە و ... كە لە كەلهوڕییەوە وەرگیراون ناسین و شیكاری زاری كەلهوری پێویستە.

## سەرچاوەكان

- كوردی

جەلیلیان، عەبباس (ئاكۆ) (بێبەروار). فەرهەنگی باشوور: تایبەت بە ناوچەكانی كرماشان و ئیلام و لوڕستان. چاپی چوارەم. سنە: ئەنستیتۆی كەلەپووری كوردی.

سۆهرابی، ڕەزا و سریشئابادی، جەعفەر (١٣٩٠[٢٠١٣]). فەرهەنگ گەڕووس، كوردی گەڕووسی، كوردی سۆرانی-فارسی. سنە: زانكۆ كوردستان.

شەرەفكەندی، عەبدوڕڕەحمان (هەژار) (١٣٦٣). هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگ كوردی- فارسی)، تاران: سورووش.

عەبدول، جەمال (٢٠٠٨). بەركوڵێكی زاراوەسازی كوردی: تەلاشێكیتری زانستاندنی زمانی كوردی. چاپی دووەم. هەولێر: ئاكادیمیای كوردی.

محەممەد، مەسعوود (٢٠١١). زاراوەسازی پێوانە. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

نووری عەبدووڵڵا، ڕۆژان (٢٠١٣). فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی كوردی. سلێمانی: چوارچرا.

وە هبی، تە وفیق (١٩٢٩)، دەستووری زمانی كوردی، بەغدا.

یۆسۆپۆڤا، زەری (٢٠٠٥) شێوەی سلێمانی زمانی كوردی، وەرگێر: كوردستان موكوریانی، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

-فارسی

دبیرمقدم، محمد (١٣٩٢). ردەشناسی زبانهای ایرانی، تهران: سمت.

صادقی، علی اشرف (١٣٧٠). ‹شیوەها و امكانات واژەسازی در زبان فارسی معاصر(٢)›، در نشر دانش( شمارههای از خرداد و تیر ١٣٧٠ تا اسفند ١٣٧٢).

كریمی دوستان، غلامحسین (١٣٨٠). كردی ایلامی، بررسی گویش بدره. سنندج : انتشارات دانشگاه كردستان.

مردوخ روحانی ماجد (١٣٨٥). فرهنگ فارسی-كردی دانشگاه كردستان. سنندج: انتشارات دانشگاه كردستان.

-ئینگلیسی

Lyons, John (1981). language and linguistics: n introduction. Cambridge: Cambridge University Press.

Mackenzie, D. N. (1961). Kurdish Dialect Studies. London: Oxford University Press.